هۆنراوەی تۆماس ترانسترۆمر

وەرگێڕان لە سوێدییەوە: ڕەحمان سۆفی

## تەپەهەڵۆ

لە پشت شووشەبەندی گوڵخانەوە

خشۆکەکان - سەیروسەمەرە - بێ بزوەن.

ژنێک لە بێدەنگیدا جل هەڵدەخا

مەرگ بێ با، بێ بزوەیە

لە قووڵایی خاکدا،

ڕۆحی من،

وێنەی ئەستێرەیەکی کشاو

بەبێ دەنگی دادەخوشێ.

# لێکدانەوەی پۆرترەێک

ئەمە پۆرترەی ئەو پیاوەیە کە دەمناسی.

مام پیاو لای مێزەکەی دانیشووە.

ڕۆژنامەکەی هەڵداوەتەوە.

چاوەکانی لە پشت چاویلکەوە بەرەوخوار داکشاوە.

کۆتوشەڕواڵەکەی بریقە ئەداتەوە،

دیارە بە گەڵای سنەوبەر شۆردراوە.

ڕوخسارێکی نیوەتەواو و ڕەنگزەردە.

بەڵام مام پیاو وادنوێنێ کە جێی باوەڕە.

هەربۆیەش مرۆڤ حەزدەکا، لێی نزیک بێتەوە.

یان بەڵکوو خۆی تووشی کێشەیەک بکا.

باوکی مام پیاو دراو وەکوو ئاونگ بەریدا دەباری.

کەچی هیچ کەس لەوێ بە ئاسایشەوە دەرنەچوو.

مرۆڤ هەست بەوە دەکا کە بیرێکی بێگانە

بەشەودا خۆی دەخزێنێتە کۆشکەکەوە.

ڕۆژنامە ئەو پەپوولە چڵکنە گەورەیە،

سەندەڵی و مێز و ڕوخسار دەحەسێنێتەوە.

ژیان لە کاتێکی بلووریندا وێستاوە.

کە وایە لێگەڕێ با ڕاوەستاو بێ.

ئەوەی کە «منە» لە دەروونی مام پیاودا پشوو ئەدا

ئەو هەیە ئەوی هەستی پێبکاو

هەر بۆیەش وادەژی کە هەیە.

من چیم؟ جاربەجار زۆر لەوە بەر،

بۆ چەن چرکەێک لێی نزیک بوومەوە.

من چیم؟ من چیم؟ من چیم؟

کەچی هەرکە چاوم بە «من» کەوت،

«من» ونبوو و کولانچکەیێک کراوە.

لە ڕێگای ئەوەوە، من وەکوو ئالیس بەربوومەوە.